# خامەی خانمانی نەتەوەکەم

## بەشی شەشەم

حەمەڕەشید هەرەس _ کەنەدا

Hemereshid.heres@yahoo.ca

پێش هەموو شتێک با ئەوەم بیر نەچێت بڵێم: پیاوانی ئاینیی ئەگەر کۆنترۆڵ نەکرێن لووت ئەژەننە هەموو بوارەکانی ژیانەوە و بە کۆت و بەندی کۆنەپەرستانە هەر هەموو ژیان کۆنترۆڵ ئەکەن و، کۆمەڵگایەک ئەخەنەوە دەردی خۆیان ئەڵێن: کافری سەر کێو بەزەیی پیادا بێتەوە. ئەوان بەرنامەیەکی توند و تۆڵێیان هەیە بۆ کۆیلە کردنی ژن، ئەو بەرنامەیە لە هەموو سیستەمێکی دینی و نەدینی دا ژنی کۆیلە کردووە، ئینجا هەوڵی سیستەمی دینی ئەدرێت بۆ ئەوەی هەموو کۆمەڵگا سەدەها ساڵ ببەنە دواوە و بە هەموو پێشکەوتنێکی نامۆ بکەن. ئەگەر دەمی هەر یەکێکیشیان بکەیتەوە و بڵێیت لەو دەوڵەتانەی دین باڵادەستە، بۆ نموونە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهۆی دینەوە لە دوای دواوەی هەموو جیهانە، دەست دەکەن بە هێنانەوەی بیانووی بێ بنەما و ئەو بیانووانەی کۆمەڵگا دێرینەکانی پێ هەڵخەڵەتاوە، وا دەزانن ئەمڕۆش دوێنێیە، ئەمڕۆ هەرچی دوعای تامێسک هەیە نەخۆشێک قایل ناکات لە جیاتی حەبێکی لەرزوتا، لە چەرمێکی بگرێت و بەدەرزی سنجاق لە شانی قایم کات، خۆ ئەگەر لە ژێر کۆنترۆڵی سیستەمی دیندا، تەنها یەک حەبی ئەسپرین بەرهەم بهاتایە ئەوا واوەیلا بە حاڵی هەرچی کەسە دنیاییەکانی جیهان خۆ مێشکیان ئەبردین، ئیتر لە ئەسپرینەوە بڕۆ بۆ ئەستێرە دەستکردەکان و دۆزینەوەی نهێنیەکانی گەردوون و کۆمپیوتەر و ئەم داهێنانە تازانەی مرۆڤی حەسانۆتەوە، ئەمانە هەمووی کاتێک بە دەست هات کە کۆمەڵگای بەختەوەر چنگ و نینۆکی کەنیسەی لە یەخەی کۆمەڵگا کردەوە، ئەگینا هەر بتوتایە ئەرز خڕە ئەوا بە دەردی گالیلۆیان ئەبردیت، کە ئەوان لەو کاتەشدا لە چاو ئێستای ئێمەدا بە هەزار ئاو شۆرابوونەوە، دە ئینجا وەرە حسابی خۆت بکە.

ئینجا با بێینەوە سەر باسەکەی خۆمان، خانمانی نەتەوەکەم.

جیاوازییەکی زەق هەیە لە نێوان مافێکی ئامادەکراو لە ئاینەوە، لە گەڵ مافێک کە ئاین بڕوای پێ نیە و دانی پیادا نەناوە. جا کاتێک خانمان بە ناو دینا ئەگەڕێن بۆ ئەوەی مافەکانیان دەستبەر بکەن، ناچار ئەبن بەو شرۆڤانەوە پابەند بن کە پیاو ئاماژەی پێداوە بۆیان، پیاویش وای بۆ ئەچێت کە ئەم مافە وەک منەتێک بەسەر خانمەوە ئەکرێت و ئەمە خەڵاتێکی ئاسمانییە نەک مافێکی مرۆیی، لەوە بەولاوە هەر زیادەڕۆییەکی تیا بکرێت، ئەوا تاوانبارە و قامچی قەرەبووی ئەکاتەوە، بەڵێ قامچی و زیاتریش ئەگەر بۆیان بڕەخسێت و دەستیان بۆ دەستوەشاندن والاّ بێت. جا لێرەدا پێویستە ژن بیر بکاتەوە: ئایا مافەکانی لە فتوادا ئەبینێتەوە، یان لە پێداویستییەکانی سەردەم، ئەو پێویستیانەی سروشتین و هی ئەوە نین پیاو بۆیان دەستنیشان بکات. ئیتر دەستەواژەی بەتاڵ و بیانوو هێنانەوە، لەباتی ئەوەی دەردیان دەرمان کات، ئەوا دەردیان گران ئەکات.

بۆ نموونە هەر کە وترا: مافی ژن. مانای ئەوەی ژن مافی نیە، هەر کە وترا: دەستگای چاککردنی هەر سیستەمێک. مانای ئەو سیستەمە وێرانەو شیاوی چاک کردن نیە، هەر کە وترا: یەکێتی. مانای ئەوەی یەک نین، ئیتر یەکێتی ژنان بێت، جووتیاران بێت، کرێکاران بێت هتد… ئەی ئەگەر مافیان هەبێت و سیستەمەکە چاک بێت و ئەوانی تریش یەک بن، ئیتر بۆ هەوڵی بۆ ئەدرێت و ، ئەم هەموو کۆششەی بۆ ئەکرێت. کەواتە ئازادی خانمان ئەبێت ئۆتۆماتێکی رەنگ باتەوە، نەک بانگەشەی بۆ بکرێت و هەزار هاوار بە فلسێک. ئەو ئازادییەش ئەبێت خانمان خۆیان بە خۆیانی رەوا ببینن نەک بۆیان دەستنیشان بکرێت. بیگومان زۆرن ئەوانەی ئەو ئازادییەیان خستۆتە واری ژیانیانەوە و، ئەژمار بۆ ئازادی سنووردار ناکەن، چونکە هەر ئازادییەک سنووری بۆ دانرا، مانای ئازادی لە خۆ ناگرێت و جۆرێکە لە کۆیلایەتی، بێگومان ژنانی خاوەنخامە پێشەنگی کاروانی ئەو ئازادییەن کە کۆمەڵگا گەرەکێتی، چونکە هەر کە دەستی دایە خامەکەی ئەوە سەرەتای شکاندنی قەفەزی دیلێتییە و شەپازللەیەکی مزریشە بۆ پەناگوێی ئەو گوێتەپانەی کە ئازادی کۆمەڵگا دەستنیشان ئەکەن. مایەی شانازیمانە کە کاروانێکی پیرۆزمان لەو خانمانە بەسەر کردۆتەوە و فەرموون لەگەڵ چەند ئەستێرەیەکی تریش:

**تابلۆ حەسەن:** ئەم خانمە خۆی کردۆتە دەروێشی وشەی کوردی، بە هەر وارێکدا بۆی بێتە پێشەوە جوانترین بابەتی بۆ تەرخان ئەکات، لە توێی بەرهەمەکانیدا هەستێکی نەتەوەیی بە هێز بەدی دەکرێت و خەمێکی پیرۆزی لە ئەستۆ گرتووە، لە هونەری وەرگێرانیشدا نموونەی بەرچاوی بەرهەم هێناوە، بە باوەڕێکی پڕ تواناوە ئەنووسێت و باوەڕی بە خۆیەتی لە هەڵبژاردنی بابەتەکانیدا و شوێنپێی جۆرە ستایەڵێکی هەڵگرتووە، بازێکی گەورەیە بەسەر شتە باوەکاندا و هەوڵی تازەگەرییەکی داهێنان و ئەفراندن ئەدات، و دوارۆژێکی رووناکی لەو بوارەدا بۆ خۆی کردۆتە ئامانج و دڵسۆزانە لە چالاکیدایە.

**کەژاڵ نووری:** لە بواری فەیسبوکدا بەم ئەستێرەیە ئاشنا بووم، وردە وردە نووسینەکانیم بەرچاوکەوت سەیرم کرد کاراکتەرێکی ئاسایی نیە و زۆر بە لێپرسراوێتیەوە ئەنووسێت و، پشتئەسوورییەکم لە شێوازی دەربڕینیدا بەدی کرد، دوایی ناوەکەیم لە گووگڵ نووسی گەیشتمە ئەو ئەنجامەی بە هەڵەدا نەچووم و ئەم بەڕێزە چالاکێکی بواری کۆمەڵاتیی و دۆزی کوردە لە هۆڵاند، خەم و ئازارەکانی خۆی تێکەڵ بە خەم و ئازاری نەتەوەکەی کردووە و لەو باوەڕەدام ئەگەر وەک من خۆی بناسێتەوە، بەرهەمەکانی شان ئەدەن لە شانی بەرهەمە پڕ بایەخەکانی ئەو خاوەنخامانەی باخیان هەمیشە بەردارە.

**چۆمان هەردی:** خانمە پرۆفێشناڵەکەی دۆزی ژن لە کۆمەڵگادا، ئەمیش یەکێکە لەو کاراکتەرە جوانانەی هەرچی لەسەر بنووسم هێشتا هەست ئەکەم مافی خۆیم نەداوەتێ، لێرەدا هەر تەنها ئەوەندە ئەڵێم خواخوامە زوو زوو بەرهەمەکانی ببینم، ئەم لەسەر هەرچی بابەتێک بنووسێت هەست ئەکەیت خۆت نووسیوتە، زۆر بە سەلیقەیە و لۆجیکانە بە قوڵایی مەبەستەکانیا ئەچێتە خوارەوە و، هەر بەرهەمێکی شیاوی ئەوەیە شرۆڤەیەکی تێروتەسەلی لەسەر بکرێت بۆ ئەوەی زیاتر رەنگبداتەوە، خۆزگە بواری ئەوەم دەبوو چەند بە دواداچوونێک بۆ ئەو کۆڕەی بکەم کە لە سوید بەناوی (رەهەندە جیاکانی چەمکی جێندەر لە کۆمەڵگای کورددیا) گرتبووی، زۆر دڵم پێی کرایەوە، پیرۆزبایی لێدەکەم، دەست و دەمی خۆش.

**چرۆ زەند:** چرۆخان هەرچەندە بەرهەمی کەم بڵاوکردۆتەوە، بەڵام نووسینەکانی ئاماژەی ئەوە ئەدەن لە بواری نووسیندا پسپۆرە و یەک دوو چیرۆکی کورتیم خوێندۆتەوە، ئەیسەلمێنن لە بناغەیەکی پتەوەوە سەرچاوەی گرتووە، جگە لەوەش لە هۆنینەوەی هۆنراوەدا جێگەیەکی شیاوی بۆ خۆی کردۆتەوە. بە زمانی ئینگلیزیش بەرهەمی بڵاوکردۆتەوە، لەم بوارەشدا هەر ئایندەیەکی گەشی بۆ خۆی

دەستنیشان کردووە و، لە تۆرنتۆش قوتابخانەیەکی بۆ فێربوونی کوردی کردۆتەوە، لەم ماوەیەشدا کتێبێکی لە ژێر چاپ دەرچووە چەند کورتە چیرۆکێکی گرتۆتە دوو تویی خۆی.

**ئاڤان:** لە فەیسبوکدا شێوازی نووسین و بیروبۆچوونی ئەم خانمە سەرنجی راکێشام، ئاڤان خان لە فەیسبوکدا ناوی (گوڵی بی) یە، لەوێ لینکی هۆنراوەکانی داناوە چەند هۆنراوەیەکی بڵاو کردۆتەوە، هەموویانم خوێندەوە هەر بە خوێندنەوەی تێدەگەی بەرامبەر وشەگەلێک دانیشتوویت خانمێکی یاخی لە پشتەوەیە، یاخی لە هەموو نەریتە دزێوەکانی کۆمەڵگا بەرامبەر خانمان خۆ کە دەڵێت:

من دێم

کە هاتم وەکو حەوا

بە ڕووتی دێم

لە خامێکی بێ نازی چڵکن دەپێچرێم

لە سەر بێژنگێکی کۆن کۆن دائەنرێم

بە دڵە سەگیش ناو ئەنرێم

من دەگریم و دایکم فرمێسک دەرێژێ

باوکم دڵ ڕەقتر دەبێ و

شوڵی لێ هەڵدەکێشێ

من شەرەفم

من نامووسم

من پەڵەیەکم لە شەرم و

پارچەیکم لە عەیبە!

ئەوە ئەمباتە ناو ئەو دنیایەوە کە بە لێشاو نەفرین بنێرم بۆ ئەو جانەوەرانەی بوونە هەوێنی کوێرەوەری و، کەفتەکار کردنی کۆمەڵگاو، وشەی ئابڕوومەندی لە هەموو بەهاکانی مرۆڤایەتی دائەماڵن و ئەیدەن بە سەر ئەم هەموو ئاڵتوونەدا بۆ ئەوەی جوانێکانیان نەدرەوشێتەوە.

بەڕێزان ئێوە و بەشێکی تر لە خامەی خانمانی نەتەوەکەم.

١١/٦/٢٦